# کۆمەڵایەتی




سایقی ماتۆڕەکەمان جانتایەکی لەشاندابوو وامانزانی لابتۆپە، وتمان: پیرۆز بێ ئەو لابتۆپە، بە چەندت کڕی؟ وتی: ئەوە لابتۆپ نییە هەندێ یاری تاوڵەو شەترەنج و شتی وایە دەیبەم بۆ نەخۆشخانەی سوڵتان مزەفەر، وتمان: جا باشە ئەوێ یاری تاوڵەو شەترەنجی بۆچییە؟ وتی: ئاخر لەناو حەوشەی نەخۆشخانەکەدا دوکانێکی لێیە جیهازی سەتەلایت و سیدی و تەلەفیزۆن و رادیۆو شت چاکدەکاتەوە، جارجار لەوێ بۆخۆمان یاری تاوڵەو دۆمینە دەکەین، ئێمەش وتمان: دەی زۆر باشە ئەگەر پێوستتان بە نێرگەلەو شتی وا هەبوو ئاگادارمان بکەرەوە، وتی: باش!!




## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

هەولێر:چاویلکەی کۆمەڵایەتی.
گەپ: خۆ ئەوەنییە کە خەڵکی ڕووت ئەکاتەوە!!
سفیل: وڵاتێک بێ ئامار بەرێوە دەچێت.
گەپ: ئەمە بۆیە بەگۆترە بریار ئەدەن..
ئاسۆ: ئەنجومەنی دادوەری وتەبێژی نییە
گەپ: بۆ چیەتی با دادگا سەروەربێت.
رووداو: باکۆتایی بە تەزکییەی حزبی بێنین.
گەپ: ئەم حەرەکەیە زۆر کۆنە..
ئاوێنە: دەربارەی گرنگی و مەترسیەکانی ئاوێنە.
گەپ: سەیری بکەیت خۆت ئەبینی و بشکێت دەست بریندار دەکات..
باسک: نووسینەکانی ( wus ) و خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە..
گەپ: رەهاترین پلەی ئازادی رادەربرین..
کوردستانی نوێ: بەهۆی دۆنگیەوە لە کەرکوک دزی لە هاولاتیان دەکرێت
گەپ: ئەی ئەفسەر جا لەکوێ بووە؟!
هەفتانە: نان بۆ قەساب و گۆشتیش بۆ نانەوا..
گەپ: تۆش نەیلێی هەروایە..
والا پریس: توندوتیژی دژی پیاوان لەزیاد بووندایە
گەپ: هیچ مەترسیەکی بۆ سەر ئێمە نییە..
میدیا: چۆن دەزانیت هاوسەرەکەت درۆ دەکات؟
گەپ: کە سوێندی زۆری خوارد..
گوڵان: بەچ پێوەرێک هونەرمەندان بەراورد دەکرێن؟
گەپ: بەگوێرەی لەش و لایان..
کۆمەڵ: پێت پیادەنێن، بەسەرتا دەرۆن.
گەپ: مەتەڵێکی قورسە..
زاری کرمانجی: لە وەرزی هاوین چاویلکە بەکار بهێنن
گەپ: لای ئێمە فلچەشی دەوێت..
یەککرتوو: بیستەکەی حکومەت و چوارەکەی ئەوانی تر
گەپ: موهیم ئەوەیە دەکاتە بیست و چوار
خەبات: چۆن دەبیت بە بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو
گەپ: میزانیەکەت زۆر بێت..
چاودێر: شوتی و مۆز ڤیاگرای سروشتین
گەپ: ئەمە بۆیە بەشەرتن.
رووبەر: شۆفێرو هاوولاتیان پابەندی هێڵەکانی پەرینەوە نابن.
گەپ: بەجسرو نەفەقا دەپەڕنەوە..
هاوولاتی: حکومەتی سێبەرو سێبەری حکومەت
گەپ: دەسەلات بەفێنکی خۆشە..

# کۆمەڵایەتی







## بابان
سلێمانی







## نوکتەی سەفەری

* سێ کەس ئەمری کوشتنیان بۆ دەرکرا،پێیان گوتن،سێ شێواز هەیە بۆمردنتان،(سەر لێ کردنەوە بەمشار،لەکارەبا دان،لەسێدارەدان)، یەکەمیان مشاری هەڵبژارد،مشارەکە ئیشی نەکرد،کابرا ئازادکرا، دووەمیشیان مشاری هەڵبژارد،دیسان مشارەکە ئیشی نەکرد،ئەویش ئازاد کرا،ئەوەی سێیەمیان لەسێدارەدانی هەڵبژارد،پێیان گوت کورە ئەتوش مشارەکەی هەڵبژێرە،گوتی:ئاخر مشارەکە ئیش ناکات.

# بۆچوون



ڕۆستەم زادە
- خامۆ -
تایبەت بە گەپ دەیکێشێ



نووسینی:
عەبە سی فاق

پشووووو

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

**تەحلیلی سیاسی:**

ئەم زاراوە شیرین و ئارامبەخشە لەڕوی سیاسیەوە شتێکی خۆش و نایاب و پرخە ئامێزە، بەتایبەتی پشووی پەرلەمان، چونکە لەلایەکەوە زاخاوە بۆ مێشکی برادەران دوای ئەو هەموو غەوغاو حەسیرمەیدان و دەبە هاویشتنە! لەلایەکی تریشەوە خۆئامادەکردنە بۆ سیلسیلەیەک هەراو هوریاو دانیشتن و کۆبونەوەی نیوقۆلی سێ قۆلی و پێنج قۆلی بێ ئەنجام!

**تەحلیلی کۆمەڵایەتی:**

پشوو لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە هیچ تامێکی نییەو دوو ئەوەندەی کاتەکانی کارکردن سەرئێشەو ماندوبونی لەخۆگرتوە، چونکە قوتابیان و خوێندکاران لەکاتی پشووی هاویندا خەریکی لۆژەلۆژ و سوڕانەوەو پیاسەی کۆڵانەو پیاسە کۆڵانەکانت، هەروەها فەرمانبەران و خەڵکانی تریش ڕۆژانی هەینی دەچن
بۆ سەیران
و مێشکیان دەبێت
بە باڵۆن بەفڕکان فڕکانی
سەیارە!

**تەحلیلی ئابووری:**

پشوودان لەهەر کات و عان و زەمانێکدا بێت لەڕوی ئابورییەوە جگە لە زەرەر هییچ سودێکی تری نییە، چونکە پشووی هاوڵاتیان بێکاری لەدوایەو پشووی
بەرپرسەکانیش سەفەری
دەرەوەی وڵاتی لەدوایەو سەفەریش کولفەی زۆری لەدوایەو کولفەی زۆریش قەلپوچکردنی ژێرخانی ئابوری لەدوایە!!

NAMO



# هەر لۆ فشەی

## شێخە فشە

سبیانە زوو بوو لەگەر دەنگی مۆبالەکەم هەرلۆفشەی بەخەبەر هاتم (مامۆستا) بوو. بێ بەیانی باش هاواری کرد یاشێخ لەخەو مای ئەوە ئەمن لە سەعات ٧وە لە پێش (دوکانێ) چاوەڕێم.

هەرلۆ فشەی گۆتم خێرە مامۆستا. گۆتی خێردەبی ئینشائەڵا هەستە درەنگە وەرە دووکانێ موژدەی خۆشم پێیە...لە خۆشیان هەر لۆ فشەی نان و لۆبیاو شامینۆکەکەشم نەخوارد بەعەجەلە لەجادەی پەڕیمەوە یەک قیچ مابوو هەرلۆفشەی سەیارەک لێم بدا(عەیاتی حەنتەم)لەبەر ببڕی.

لەبەرە خۆم دەمگۆ:چشتەک هەیە مامۆستا بەفشە تەلەفۆنی ناکا.. مەسەلە تەعین بوونەکەیە کێ دەرێ معاش زیاد نەبووە نانا هەبی و نەبی (ڕێزلێنان گەڕایتەوە)دووبارە تەلەفۆنی کردەوە دەزووبە یاشێخ دەرێی لەسەر هێلکان دەڕۆی پێم گوت ئەوە لەڕێیمە بەچاوچوقانەکی هەرلۆفشەی دەگەمەلات.

چەن هەنگاوەکی دی ڕۆیشتم دیسان تەلەفۆنی کردەوە زوونێی دەڕۆم تاخیر بووی زۆر تاخیربووی ناچار بووم لۆ ئەو بستە ڕێیەی تەکسی بگرم هەرلۆفشەی(١٥٠٠)دینارم دایێ..خوایە خێربی(٢٥) دینار خێری مەولودی پێغەمبەری دەبی چ بی مامۆستا لەپێش دونکانێ چاوەڕێی کردم بەگەرمی بەخێراتنم کرد گۆتم: دەبرێ مامۆستا ءئەو مژدە خۆشە چیە؟ توخوا پێم برێ مامۆستا سەری خۆی باداو گۆتی مژدەی چ؟ گۆتم: ئەدی بەخۆت نەتگۆ ماموستا گوتی سوحبەتم لەگەر کردی هەرلۆفشەی گۆتم بازوو بێتە دوکانێ (بەتەنێ عادزدەبم).



بۆچوون

## نوکتەی سەفەری

* پیاوێک و ژنێک لەگەڵ منداڵەکەیان لەڕێگا دەڕۆیشتن،منداڵەکە دەگریا و دەیگوت: دایە حەز دەکەم سواری کەرێ بم،ژنەکەش بە پیاوەکەی گوت:پیاوەکە برێک هەڵیبگرە منداڵە حەزی لێیە!

انە دەنگی دەرگا بوو؟ نەوەک خوا نەخواستە میوان بێ،کورشەکەش دەڵێ بۆ وا دەڵێی باوکە؟ میوان خۆشەویستی خوایە! باوکیشی گوتی:دەزانم کوڕم بەڵام دوژمنی خواردنیشە!

# به ئاوەژوویی ڕاســـــتە



نەجات حەمید
هەولێر

کاتێک یەکێک سەفەر دەکات پێی دەڵێن سەفەرت خێر و دۆلکەیەک ئاو بە دوایدا دەڕژێنن، بەلام ئێستا ئەوەی هەفتەیەک لە بەرچاوان نەبێت پێی دەڵێن: لێرە بووی یا لە دەرەوە؟ بە هەرحاڵ دەپرسین کێن ئەوانەی سەفەر دەکەن و بەردەوام لەم ولات و لەو ولاتدا بوون! جارێک و بۆ یەکەمین جار سێ برادەر کە قەت سەفەریان نەکردبوو لە وەزارەتێک ناویان بۆ سەفەرێکی شام دەردەچێ، ئەو شاندە فەرمیە دەبوایێ دوو هەزار دۆلار بگەیەنێتە دەستی ڕۆشنبیرێکی کوردی ئەو ولاتە! .منیش لێکمدایەوە سەفەری هەرسێ برادەرو هاتنەوەیان تەکلیفی دەفتەرێک دۆلاری دەکرد!

هەر ڕێکخراوو وەزارەتێک بۆ چالاکی وکارەکانی خۆی فەرمانبەری شارەزاو پسپۆری خۆی دەنێرێتە دەرەوە .بەلام کارەکە لەوە دەرچووە، چونکە نەک ئەو شوێنانە بەلکو چوونە مالی خواش بووەتە واسیتە ،بۆیە پۆلێنێکی پێناسی گەشت کاران وگەشت نەکەران دەکەم:

١- هەندێک لە هەردوو دەسەلاتی حزبی وحکومی سەفەربازی جۆکەرن! چونکە وەکو فیشەیەک بۆ هەموو ئامێرێک دەبن و هیچ شۆرتێکی نەخوازراو لە ئارادا نابێت! ،پارەیە سەرف کراوە،پیتاکە دابین کراوە، ڤیزەیە بەردەست خراوە، ئەم سەفەرانە سوپەر سەفەرن وگەشتیارانی سۆپرمان. چونکە دەستیان بە هەموو شوێنێک دەگاو شوێنەکانی سەفەریش هەمووی بۆ ئەوروپا و لوبنان و تورکیان

٢- بەرامبەر بەم سەفەرە سیحریانە سەفەرسزیش هەن، وەکو قوربانی دێنە بەرچاو،ئەویش ئەو سەفەرانەن کە پارەیەکی زۆر کەم و بۆ شوێنێکی زۆر ووشکانی و بۆ ولاتێکی قات وقڕو بێ ژیانە! ئەم سەفەرانە بەلایەکن بە سەر وەزارەو ڕێکخراوەکانەوە، چونکە کەس ناڕوا،ئنجا سرەی قوربانیانی سەفەر دێتە پێشەوە .ئەوانیش لە بەر ئەوەی قەت سەفەریان نەکردوە گیانی خۆیان دەبەخشن!

ئەوانەی سوپەر سەفەربازن،گەشتەکەیان بە فڕۆکەو بۆ خۆشترین ولاتانی ئەورووپی وئەمریکی وئاسیایی دەست پێدەکات،پارەیەکی ڕێزلێگیراو .بۆنەیەکی گەشتیاری وپڕ لە ئەفسوون.دابەزین لە هوتێلی ئەستێرەدار،.

ئەوانەشی سەفەرسزی قوربانین بە چوار قۆناغ گۆڕینەوەی ئۆتۆمبێل وئارەقەی شین ومۆرو سەرمای جەرگبڕ دەست پێدەکات، گیرفان بێ ڕێزو زەلیل، لە سنوورەکان سووکایەتیان پێ دەکرێ، جاری وا هەبووە دوو ڕۆژ لە سەر سنوور نەیانهێشتووە بچنە ژوورەوە و وەکو ئەفریقیەکان پێستیان ڕەش هەلگەڕاوە لە سەرما یا لە گەرما.

سینۆهە دەلێ: (هەزاران سالی دیش من بخوێنیەوە دەلێی: سینۆهە ڕاستی گوت لە ژیاندا! هەندێک ماندوو دەبن هەندێکی دیکەش دەیخۆن). بەلام لای ئێمە نەک تەنها بەرووبوومەکە دەخۆن،بەلکو ماندووەکانیش بە پەڕو بالەوە دەخۆن!..

## تیاترۆ

عوسە سویچ

دایک/ کوڕم باوکت بۆ جوابی تەلەفۆن ناداتەوە؟
کوڕ/ لەوانەیە مۆبایلەکەی لە پرسگەبێ
دایک/ پرسگەی کوێ؟
کوڕ/ هی بنکەی پۆلیس و ئاسایش
دایک/ ئەیەڕۆ جا باوکت ئیشی چییە بەو شوێنانە؟
کوڕ/ بەینی خۆمان بێ باوکم گیراوە
دایک/ ئاخر تێمگەیەنە لەسەر چی گیراوە؟
کوڕ/ بەسەیارە لە منالێکی داوە!
دایک/ هەی ڕۆ خۆ ئیجازەشی پێنییە
کوڕ/ نەوڵا پێی نییەو سەرخۆشیش بوو!
دایک/ جا بۆ هێشتن خۆی لێبخورێ؟
کوڕ/ ئاخر بێگانەی لەگەلدابوو.
دایک/ جا بێگانە چییە؟ بەزۆر بچویتایە لەگەلیان.
کوڕ/ دایە گیان لەسەری مەرۆ نەموێرا قسەبکەم.
دایک/ یەعنی ئەو پیاوە بێگانەیە ئەوەندە موهیم بوو؟
کوڕ/ کورە پیاوی چی؟ ژنێکی شۆخ و شەنگ بوو!
دایک/ دەک یارەبی تا چوار سالی تر مۆبایلەکەی لەو پرسگەیەبێ!!